# ڕۆڵی هەواڵگری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا

د. یوسف گوران *

وشە کلیلییەکان: هەواڵگری، دەزگا هەولگرییەکان، سیاسەتی دەرەوە، دانەرانی سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی نیشتمانی، بەرژەوەندی نیشتمانی.

https://doi.org/10.31271/jopss.10011

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەو گریمانەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەزگای هەواڵگری لەکاتی هەڕەشەی ئاسایشدا گەورەتر و کاریگەرترە. بۆیە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لەگەڵ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی لاوەکی وەڵامی ئەو پرسیارە سەرکییەش بداتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا دەوڵەتان چۆن دەتوانن هەواڵگری بخەنە خزمەت سیاسەتی دەرەوەیان؟

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا، یەکەمیان تایبەتە بە ناساندنی سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگری و دەستنیشانکردنی ئامانجە سەرەکییەکانیان. دووەمیان تایبەتە بە خستنەڕووی ئەرکەکانی هەواڵگری لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا. سێیەمیش باس لە پەیوەندی نێوان دەزگاکانی هەواڵگری و دانەرانی سیاسەتی دەرەوە دەکات.

**ملخص البحث:**

**دور الإستخبارات فى السياسة الخارجية للدول**

ينطلق هذا البحث من فرضية تفيد بأن دور أجهزة الإستخبارات يكون أكبر و أكثر فعالية في أثناء التهديدات الأمنية. لذلك، إضافة الى محاولة الإجابة عن تساؤلات ثانوية عديدة، يبتغي البحث الإجابة عن تسائل أساسي حول كيفيية توظيف الدول للأجهزة الإستخبارية في خدمة سياساتها الخارجية؟

وعليه فقد وزع محتوى البحث الى ثلاثة محاور، يبحث الأول منها مفهومي السياسة الخارجية و الاستخبارات وتحديد أهدافهما، ويدرس الثاني المهام التي تناط بالإستخبارات في ميدان السياسة الخارجية للدول، أما الثالث فيحلل العلاقة بين أجهزة الإستخبارات وصناع السياسة الخارجية في الدول.

---

* وزير التعليم العالي والبحث العلمي في التشكيلة الثامنة لمجلس وزراء اقليم كوردستان - العراق.

**Abstract:**

**The Role of Intelligence in the Foreign Policy of States**

This research has been inspired by the hypothesis that the intelligence agency will be more effective and important during the security threats. This research tries to answer the main question which is related to how the states are able to invest their intelligence agency at the service of their foreign policy, as well as some other replies to some minor questions.

This research is divided into three main sections; section one is dedicated to introduce foreign policy and intelligence as well as identifying the main objectives of both of them. The second section of the research shows the functions of intelligence in the States Foreign Policy. The third section is about the relationship between intelligence and foreign policy decision makers.

## پێشەکی:

ڕەنگە باسکردنی ڕۆڵی هەواڵگری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا یەکێك بێت لە دژوارترین لایەنەکانی تایبەت بە پرۆسەی سیاسەتی دەرەوە. زۆربەی جار سەرچاوەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە یا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ڕۆڵی هەواڵگری لە سیاسەتی دەرەوە نەداوە یا ئاماژەیان بە گرنگی ئەو ڕۆڵە کردوە بەبێ باسکردنی وردەکارییەکانی.

ڕەنگە کەمی سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو یەکێك بێت لە گرنگترین هۆکارەکانی کەم بایەخدان بەم بوارە، بەڵام پێدەچێت سروشتی نهێنی ڕۆڵی هەواڵگری و شاردنەوەی سەرجەم چالاکییەکانی ئەم بوارە لە لایەن دەوڵەتەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە بە پەراوێزکردنی ئەم بابەتە لە لایەن زۆربەی نوسەرانی بواری سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگرییەوە هەبێت.

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بەم بابەتە لە وڵاتە یەکگرتوەکان بڵاوبۆوە، کە بۆ کاتی خۆی سەرەتایەکی چاك و جدی بوون بۆ بڵاوبونەوەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی تایبەت بە هەواڵگری و ڕۆڵی لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵام سەرباری ئەو لێکۆڵینەوە هەواڵگریانەی لەو وڵاتەدا ئەنجام دەدرێن، هێشتا ئەم بوارە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لە وڵاتانیتری دونیادا بەخۆوە نەبینیوە، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان وەزیفەی سیاسی و ئاسایشی دەزگای هەواڵگری لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، نهێنی ڕۆڵی هەواڵگری لە سیاسەتی دەرەوەدا هیچ کات وای لە پسپۆڕانی سیاسەتی دەرەوە نەکردووە پەی بە گرنگی ئەم ڕەهەندە نادیارە نەبەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەرەڕای ئاگادار نەبوونی ئەم سپۆڕانە لە زۆر وردەکاری تایبەت بەم بوارە، هەواڵگری وەك ڕەهەندێکی گرنگی مەیدانی لە سیاسەتی دەرووەدا هەڵسەنگێنراوە[(١)].

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە دەزگای هەواڵگری لەکاتی هەڕەشەی ئاسایشدا گەورەترو کاریگەرترە، بەدەست کەوتنی ئامانجە بەدەست هاتوەکانیشی بەرهەمدارە.

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوە خۆی لە چەند پرسیارێکد دەبنێتەوە: بۆچی هەواڵگری بەکارێکی نهێنی ئەنجام دەدرێت؟ سیاسەتی دەرەوە چیە؟ هەواڵگری چۆن کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە دادەنێت؟ دەوڵەت چۆن دەتوانێت هەواڵگری بخاتە خزمەت سیاسەتی دەرەوە؟ لەروی یاساییەوە کاری هەواڵگری بونیاد دەنرێت؟

لەم دیدەوە دیراسەکردنی ڕۆڵی هەواڵگری لە سیاسەتی دەرەوەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ هەڵسوڕێنەرانی کاری سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگری، چونکە بەبێ دەرککردنی ئەم ڕۆڵە و فێربوونی چۆنێتی کەڵك وەرگرتن لە م پەیوەندییە دیالێکتییە، ئەستەمەکارمەندانی سیاسەتی دەرەوە دیدێکی ڕوون و هەمەلایەنە سەبارەت بە ڕووداوە دەرەکییەکان پەیدا بکەن، سەرەنجام پرۆسەی سیاسەتی دەرەوە بەنیوە چڵی و ناکاملی دەمێنێتەوە.

---

(١) پیتر رایت، صائد الجواسيس، ت: هيثم على حجازى، مراجعة سمير عـزت نصـار، الاهليـة للنشرـ والتوزيـع، عـمان، ١٩٨٩. ص١٣٧.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەش بووە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی دا، یەکەمیان تایبەتە بە پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەروە و هەواڵگری و دەستنیشانکردنی ئامانجە سەرەکییەکانیان. لەم تەوەرەدا هەوڵ دراوە تێگەیشتنێکی سەرەتایی بۆ هەردووکیان دەستەبەر بکرێ و بورای تێکەڵبوونی ئەم دوو بوارە تاوتوێ بکرێت.

تەوەری دووەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ئەرکەکانی هەواڵگری لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ خزمەت کردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان.

بەشی کۆتایی لێکۆڵیەنەوەکە باس لە چۆنیەتی دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەردوولا دەکات و ئەو گیروگرفتانەی کە دێنە بەردەمیان، لەم بەشەدا هەوڵ دراوە ئەو گیرو گرفتانەشیبکرێنەوە و بخرێنە بەرچاو لە پێناوی گەلاڵەبوونی تێگەشتنێکی دوولایەنە بۆ مەسەلەکان چونکە جۆر و سروشتی ئەم پەیوەندییە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ سەرخستنی کاروباری هەردوولا.

لە کۆتاییدا، ئەم بابەتەدا هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ باسکردنی بابەتێك کە زۆر جار لە لێکۆڵینەوە هەواڵگری و سیاسیەکاندا بایەخێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدەرنییە لە کەموکوڕی و کەلێن، بە واتایەکیتر ئەم لیکۆڵینەوەیە زیاتر دەرگا کردنەوەیە بۆ باسکردنی بابەتێك کە دەکرێت زۆر لێکۆڵینەوە و باسی تری لەسەر ئامادە بکرێت.

## تەوەری یەکەم: هەواڵگری و سیاسەتی دەرەوە - پێناسە وئامانج:

### یەکەم: هەواڵگری:

ڕێگەگرتن لە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و چالاکیە نەزانراوەکان تیرۆریستیەکان، وا دەخوازێت بریار بەدەستەکان کار بکەن بۆ جێگرتنەوەی بونیادی هەواڵگری فەرمی و هەرەمی بە بۆنیادێکی هەواڵگری ئاسۆیی و هەماهەنگی کە بتوانێت زانیاری لەو کەس و لایەنانە بەدەست بخات کە خاوەنی زانیارین بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە زانیاریان پێویستە، لە ڕێگەی تۆڕێکی پراکتیکیەوە کە بتوانێت سەرچاوەکان و زانیارییەکان بە دەست بهێنێت پاشان لێکبداتەوەو بەکاریان بهێنێت[٢].

زۆر پێناسە بۆ هەواڵگری کراوە لە فەرهەنگی زاراوەی ئەمریکی واپێناسەی هەواڵگری کراوە کە دەرئەنامی کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەو راڤەکردنی ئەو زانیاریانە کەبەدەست هاتوە لەبارەی دەوڵەتێکی بیانییەوە، یاخود ناوچەیەکەوە کە ناوچەی پرۆسەیە، کە پێویستی راستەوخۆی بە پلانە[٣].

بەڵام مایکڵ وارنەر وا پێناسەی هەواڵگری کردوە کە چالاکیەکی نهێنی دەوڵەتە بۆ تێگەیشتن لە کیانە بیانیەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەریان[٤].

پێناسەی هەواڵگری لە دیدی ترەوە بریتییە لە "کۆمەڵە ئامراز و پێکهاتەیەکی تایبەت بە کۆکرنەوەی زانیاریی سیاسی و سەربازی و ئابوری و سایکۆلۆجی، پاشان شیکردنەوەی. لە هەمان کاتدا ئەم پێکهاتانە بەرپەرچی چالاکیە هەواڵگرییەکانی دوژمن دەدەنەوە وەك کاری تێکدەرانەو پەکخستنی هەر کارێکی دوژمن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە وڵاتاندا"[٥].

لە کاتێکدا د. مازن ئیسماعیل رەمەزانی وای بۆ دەچێ کە هەواڵگری "ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان، نەخاسمە نیازو توانا و پەیوەندی دەوڵەتان"[٦].

بەپێی ئەو دوو پێناسەی سەرەوە، کاری هەواڵگری چەند ئامانجێکی سەرەکی لە خۆدەگرێت کە ئەمانەن.

١- کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دەوڵەتان و لایەنەکانی تر چ دۆست بن چ دوژمن.
٢- پوکاندنەوەی پلان و پرۆسە تێکدەرە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان و لایەنەکانی تر.
٣- یارمەتیدانی داڕێژەرانی سیاسەت بە زانیاری و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

---

(2) James B. Steinberg, Mary Graham, and Andrew Eggers, Building Intelligence to Fight Terrorism, (September 21, 2003), brookings ,available at: https://www.brookings.edu/research/building-intelligence-to-fight-terrorism/

(٣) د. محمد یاسر الأیوبی، النظریة العامة للأمن، المؤسسة الحدیثة للکتاب، طرابلس ـ لبنان، ٢٠٠٨،، ص١٥٨.

(4) Alan Braaeakspear, A New Definition of Intelligence and National Security, Vol. 28, No. 5, 2013, P.682.

(٥) د. نەبەز مجید امین، الاستخبارات الایوبیة فی عهد صلاح الدین، مطبعة قلا، السلیمانیة، اب ١٩٩٨، ص٤٧.

(٦) د.مازن اسماعیل الرمضانی، السیاسة الخارجیة (دراسة نظریة)، مطبعة دار الحکمة، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٥٧.

٤- دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی بە ئامانج کراو.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئامانجی هەواڵگری زانینی توانا و نیازی ئەو لایەنەیە کە بۆ کاری هەواڵگری دەستنیشان دەکرێ لە پێناو یارمەتی دانی. سەنتەرەکانی بڕیار وەرگرتن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری کارامە و ڕەنگرێژکراو بدەن کە ڕەنگە زۆر جار بۆ دەوڵەتان چارەنوس ساز بێت، چونکە زانیاری و هەواڵ و لە هەواڵگریدا ئامانج نیە بەڵکو ئامرازێکی سیاسەت و بەرگرییە.

وەك لەسەرەوە بۆمان دەرکەوت کاری سەرەکی هەواڵگری پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتە لە ڕێی زانیاری و ڕاسپاردەو، هەندێ جاریش لەڕێی کاری نهێنیەوە، لەم ڕووەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین هەواڵگری زۆر لە کاری سیاسەتی دەرەوە نزیك دەبێتەوە بە جۆرێك کە هەردووکیان دەتوانن تا ئاستێکی باش کەڵك لەیەکتری وەرگرن.

**دووەم: سیاسەتی دەرەوە:**

سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە پرۆسەی دارشتن و دروستکردنی کۆمەڵێك رەفتاری دەوڵەت بەرامبەر بە دونیای دەرەوە لەسەر بنەمای دیاریکردن و ناساندنی پێشینەو ورد بۆ کۆمەڵێك ئامانجی، کە کاریگەری راستەوخۆ دادەنێت لەسەر کارای سیاسەتی دەرەوە. دەوڵەت بە پێی یەکێك لە تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە سیاسەتی دەرەوەی لەسەر دوو ئامانجی ئاوێتە یاخود لێکدراو دروست دەکات، ئەوانیش گۆڕانی دۆخێك یان مانەوەی دۆخێك، بۆیە کەرەسەی سیاسەتی دەرەوەی بەشێوەیکی زۆر بە توانا دابەش دەکات، تاوەکو گەورەترین سوود بەدەست بهێنێت[٧].

لێکۆڵیارانی بواری سیاسەتی دەرەوە یەك بیروبۆچوونیان سەبارەت بە پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوە نییە، بەم پێیە ولیام کلیتك William clittick وای بۆ دەچێت کە سیاسەتی دەرەوە ئەو "کۆمەڵە نیازەیە intention کە دوڵەتان هان دەدەا جۆرێك لە ڕەفتار بگرنەبەر"، کەچی لێرە بەشێوەیەکی تر پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات و دەڵێ "ئەو پرنسیپە گشتیانەن کە کار دەکەنە سەر کاردانەوەی دەوڵەت سەبارەت بە بارودۆخی نێودەوڵەتی خۆی"[٨].

مودلسکی وا پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات کە بریتیە لە سیستەمی چالاکیەکان کە کۆمەڵگەکان پەرەیان پێداوە بۆ گۆران لە رەفتاری دەوڵەتانی تر و گۆنجان لەگەڵ چالاکیەکانیان بە گوێرەی ژینگەی نێودەوڵەتی، لەم چوارچێوەیەدا دوو چالاکی هەیە. تێهاویشتەو دەرهاویشتە[٩].

لە لایەکی ترەوە د. محەمەد ئەلحلوە بەشێوەیەکی تر باسی دەکا و دەڵێ. ((سیاسەتی دەرەوە کۆبەندی ئەو بڕیارانەیە کە ئامانجی دەرەکی دەوڵەت دەستنیشان دەکەن لەگەڵ ئەو کارانەی کە بۆ

(٧) جلين بالمر و كليفتون مورجان، نظرية السياسة الخارجية، ت: د. عبدالسلام نويرى، جامعة ملك سعود، السعودية، ٢٠١٠، ص٨.

(٨) محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، دار النهضة العربية، القاهرة، ط٢، ١٩٩٨، ص٨.

(٩) جينو ابيتيان وكلود مونيكية، تاريخ الجاسوسية العالمية، ت: مروان بطش، دار الفاضل للتأليف والترجمة والنشر دمشق ١٩٩٨.

جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە ئەنجامدەدرێن)[١٠]، بەڵام د. فازل زەکی وای دەبینێ کە سیاسەتی دەرەوە ئەو ((پلانەیە کەنەخشی پەیوەندییە دەرەکیەکانی دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتانی تر دادەڕژێ))[١١].

وەك لەسەرەوە بۆمان دەردەکەوێ تا ئێستا پێناسەیەکی هەمەلایەنە بۆ سیاسەتی دەرەوە نییە و زۆر جار نوسەرانی ئەم بوارە ئەم گیرو گرفتە دەگەڕێننەوە بۆ خودی سیاسەتی دەرەوە کە سروشتێکی دینامیکی و ناجێگیری هەیە و بە پێی باردۆخی سیاسی و نێودەوڵەتی لە گۆڕاندایە، چونکە خودی بارودۆخی نێودەوڵەتی تایبەت بە هەر دەوڵەتێك بەردەوام لە گۆڕاندایە و لە ئاکامدا ئەمەش وادەکات کە ڕەهەندەکانی سیاسی دەرەوەی ئەو دەوڵەتانە بە بەردەوامی ناجێگیر و گۆڕاو بن.

ئەگەر چی نوسەرانی بورای سیاسەتی دەرەوە لەسەر پێناسە کردنی ئەم زانستە ناتەبان بەڵام ئامانج و ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ زۆربەیان روون و ئاشکرایە، هەرچەندە ئەم بابەتەش چەن بۆچون و بیروڕای تر هەڵدەگرێت، وەك جیاوازی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بەپێی سیستەمی سیاسی و ئایدۆلۆجی وڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی هەندێ پرنسیپی سەرەکی بۆ ئامانج و ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان دابنرێت.

کەواتە بەم پێیە و بە گوێرەی بیروبۆچونی زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانین چەند ئامانجێکی گشتی بۆ سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان بکەین[١٢].

١- پاراستنی سەروەریی وڵات و پارێزگاریکردن لە ئەمنی قەومییەکەی.
٢- گەشەدان بە تواناکانی هێزی دەوڵەت.
٣- گەشەدان بە ئاستی ئابووری دەوڵەت.
٤- بەرگریکردن لە ئایدۆلۆجیای وڵات و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆجیایە لە دەرەوەی وڵات.
٥- دابینکردنی ئاشتی.

لەڕاستیدا ئەم پێنج خاڵە تەنها ئامانجی دەوڵەتان نین لە پەیرەو کردنی سیاسەتی دەرەوەدا بیلکو ئەم ئامانجانە بە پێی بارودۆخی وڵاتەکەو دەرەوە دەگۆڕێن، بەڵام دەتوانین ئەم ئامانجانەی سەرەوە وەك ئامانجی گشتی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بژمێرین.

سەرەرای هەمە جۆری ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، زۆربەی نوسەرانی ئەم بوارە لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە کە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەووە پاراستنی سەروەری وڵات و پارێزگاریکردنە لە ئەمنە قەومییەکەی[١٣]، ئەم ئامانجە تا ڕادەیەك بۆ هەموو دەوڵەتێك ڕاستە سەرەڕای جیاوازی ڕژێمی سیاسی یان بیروباوەڕی مەزهەبی یان جیاوازی توانای هێزی نەتەوەیی، یان تەنانەت لە ڕووی

(١٠) نقلا عن: محمد السيد سليم، مصدر سبق ذكره، ص٨.

(١١) د. نظام بركات و د. عثمان رواق و د. محمد الحلوة، مبادئ علم السياسية، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٤، ص٢٨٤.

(١٢) د.مازن اسماعيل الرمضاني، مصدر سبق ذكره، ص٣٥٧.

(١٣) د.اسماعيل صبرى مقلد، العلاقات السياسية الدولية، مطبعة جامعة الكويت، كويت، ١٩٨٤، ط٣. ص ١٣٦.

پێگە و ژمارەو قەبارەشەوە چونکە خۆپاراستن (self – preservation)[١٤] مەرجی یەکەمی بوونی دەوڵەتە. لەم سۆنگەیەوە زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کە "تەوەری ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە خولی دابین کردنی ئەمنی قەومی دەوڵەت دەخولێنەوە لە بەرامبەر ئەو هێرشە هەنوکەییانەی دەکرێنە سەری، یان ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ڕووبەڕووی دەبنەوە"[١٥].

لێرەوە و پاش ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت کە پاراستنی ئەمنی قەومی دەوڵەت ئامانجی سەرەکی هەموو سیاسەتێکی دەرەوەیە، دەتوانین لە تایبەتمەندی ئەو پەیوەندییەی نێوان سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگری بگەین، چونکە هەواڵگری، وەك بۆمان دەردەکەوێت، لە بنەڕەتدا ئەرکی پاراستنی ئەمنی قەومی دەوڵەتی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

**سێیەم: بواری هاوبەشی هەواڵگری و سیاسەتی دەرەوە:**

بەپێی ئەو پێناسانەی کە لەسەرەوە باسمان کردون ئەو ئەرك و ئامانجانەی کە ڕووبەڕووی هەردوو بواری سیاسەتی دەرەوەو هەواڵگری دەبنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی هەردوو بوارەکە پاراستنی ئەمنی قەومی دەوڵەتە، بۆیە زۆر جار کاروباری سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگری دەرەوە تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن و پێویستیان بەوە دەبێت کە هەماهەنگی و ئاگادارییەکی تەواویان لە نێواندا هەبێت تاکو بتوانن پارێزگاری لە بەرژەوەندی و ئەمنی قەومی وڵاتەکەیان بکەن.

هەرچەندە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بە ڕاشکاوی باس لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان دەکەن و زۆربەی بەرنامە و کارەکانیان بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن، بەڵام زۆر جار وا دەردەکەوێت کە زۆربەی دەوڵەتان بەرنامە و ئامانجی شاراوەیان لە پشتەوە هەیە کە بە هیچ شێوەیەك باسی لێوە ناکەن، یان با بڵێین لە پاڵ ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانیانەوە ئامنجی نهێنی و ناڕاگەیاندراو هەیە[١٦]. لە ڕاستیدا هەر ئەم دۆخەشە وا لە بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوە دەکات بە ئاسانی نەتوانن پەی بە ئامانج و نیازەکانی دەوڵەتان لە بواری سیاسەتی دەرەوە ببەن، بۆیە پێویستە بۆ بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوە زانیاری ورد و ڕاست، چ بەنهێنی چ بە ئاشکرا، دەربارەی دەوڵەتان دەسکەوێت تاکو بتوانن دیدێکی هەمەلایەنەیان بۆ سیاسەتی هەر وڵاتێ هەبێت، ئەرکی ئاشکراکردنی ئامانج و سیاسەتە نهێنییەکان ئەوەندەی کەوتۆتە سەرشانی دەزگای هەواڵگری ئەوەندە نەکەوتۆتە ئەستۆی کارمەندان و بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوە.

بەهۆی تایبەتمەندی کاری هەواڵگرییەوە کە هەوڵ دەدات پەردە لە ڕووی نهێنییەکان هەڵبداتەوە، هەواڵگری دەتوانێت ئاگاداری زۆر لە نیازەکانی دۆست و دوژمن بێت و بەم پێیە ئەرکی سەرەکی دەزگای هەواڵگری دەبێتە یارمەتیدانی دانەرانی سیاسەتی دەرەوە لەڕێی تۆڕی فراوانی زانیاری لە لایەن پسپۆڕانی تایبەتی ئەم بوارەوە. گرنگی کاری هەواڵگری لەم بوارەدا لەوەدایە هەر

(١٤) المصدر نفسه، ص ١٣٠.

(١٥) د.مازن اسماعيل الرمضاني، مصدر سبق ذكره، ص٤١.

(١٦) المصدر نفسه، ص٤١.

هەڵەیەك لە ناساندنی ئامانج و نیازەکانی دوژمن دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکە توشی زیانێکی زۆر ببێت[١٧]. لێرەدا چەند نمونەیەکی مێژویمان لە لایە کە ئەوەمان نیشان دەدەن کە هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی نیازەکانی دوژمن چ زیانێك لە دەوڵەت دەدا. بۆ نمونە ئەڵمانەکان لەهەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهان دۆڕان چونکە دەستێوەردانی ئەمریکایان لەو دوو شەڕە دوور لەقەڵەمدا[١٨].

بەهەرحاڵ مەسەلەی هاوتەریببوونی کاری هەواڵگری و سیاسەتی دەرەوە و بەشداریکردنی هەردوکیان لە زۆر بواری تایبەتدا، تەنها پەیوەندیەکی یەك لایەنی نییە کەتێیدا هەواڵگری لایەنی سودبەخش بێت[١٩]، بۆ هەردوکیان لە زۆر بواری تایبەت دا، تەنها پەیوەندیەکی یەك لایەنی نییە کەتێیدا هەواڵگری لایەنی سودبەخش بێت، بەڵکو هەندێ جار پێشبینی و شیکردنەوەکانی کارمەندانی سیاسەتی دەرەوە لەهی هەواڵگری ڕاستر دەبێ، چونکە هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە گشت کارمەندانی بواری هەواڵگری زانیارییەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە شیدەکەنەوە[٢٠]. بەڵام مەسەلەی گرنگتر ئەوەیە ئایا خودی سیاسەتی دەرەوە کار دەکاتە سەر چالاکی و دیدە هەواڵگرییەکان؟ ئایا تا چ ڕادەیەك دانەرانی سیاسەتی دەرەوە دەتوانن سود بە بواری هەواڵگری بگەیەنن؟

لێرەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەك بە چوارچێوەی یاسایی دەوڵەتی عێراقی لە دوای روخانی رژێمی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ بدەم، پاش ئەوە دەسەڵاتی فرەگەزەکان سوپای عێراقی هەڵوەشانەوە بۆیە بە پێی بڕیارەکانی (هێزە داگیرکراوەکان) لە نیسانی ٢٠٠٤ دەزگای هەواڵگری عێراق دامەزرا، دوای نوسینەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ دەستوری عێراق کاری ئەم دەزگایەی دیاریکردوە، ماددەی (٩) بڕگەی (د) ئاماژەی بەوەکردوە کە ئەرکی ئەم دەزگایە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی ئەو هەڕەشانەی کە ئاراستەی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق دەکرێت، پێشکەشکردنی راوێژکاری بە حکومەتی عێراق. هەروەها ماددەی (٨٤، یەکەم) ئاماژە بەوە دەکات بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی مەدەنی بێت و بەپێی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ کار بکات و ملکەچی چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران بێت[٢١].

لەم روانگەیەوە ئێستا لەعێراق نۆ دەزگای هەواڵگری هەیە، جگەلە دەزگای هەواڵگری حەشدی شەعبی، بۆ عێراق زۆر گرنگ بوو دامەزراندنی دەزگای هەواڵگری بە تایبەتی دوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق راستەوخۆ عێراق روبەڕوی توندوتیژی بووەوە، پێویستی بە هاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی دەوروبەرو جیهان هەبوو، بۆ یەلە سیاسەتی دەرەوەدا پێویستی بە هەماهەنگی هەبوو لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانیتر لەسەر بنەمای هاوکاری لە سیاسەتی

---

(١٧) د.اسماعيل صبری مقلد، مصدر سبق ذکره، ص٥٦.

(١٨) المصدر نفسه، ص ٣٨٢.

(١٩) روبرت م. کاتس، سازمان سيا و سياستی خارجی امريکا، ترجمه: عبدالحسين شاهکار، مجله (سياست خارجی) شماره ٢، سال پنجم، چاپخانه دفتر مطالعات سياسی و بين المللی، تهران ١٣٧٠(١٩٩١). ص٣٢١.

(٢٠) د.مازن اسماعيل الرمضانی، مصدر سبق ذکره، ص١٥٥.

(٢١) المادتين (٩، ٤٨) من الدستور العراقی الدائم لعام ٢٠٠٥.

دەرەوە دا.

یەكێك لە قازانجەكانی، بگرە ئەركەكانی، دانەرانی سیاسەتی دەرەوە بۆ بواری هەواڵگری ئەوەیە كە ئەو دانەرانەی سیاسەت ڕێنمایی كارمەندانی ئەم بوارە دەكەن بۆ دەستنیشانكردنی ئەو تەوەرە ئەمنی و سیاسی و ئابوری یانەی كە بۆ پاراستنی ئەمن و بەرژەوەندی قومی دەوڵەت گرنگن، بە واتایەكی تر، كارمەندانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕێی تاوتوێ كردن وشیكردنەوەی ئامانجە باڵاكانی دەوڵەت لە بواری نێودەوڵەتیدا یارمەتی كارمەندانی هەواڵگری دەدەن بەوەی كە جەخت بكەنە سەر ئەو لایەنە گرنگانەی كە ڕاستەوخۆ خزمەتی سیاسەتی دەرەوە و ئەمنی قەومی دەوڵەتەكەیان دەكات چونكە "ئاگابونی دەزگای هەواڵگریی لە سیاسەت و تەنگ و چەڵەمەكانی دەوڵەت سەبارەت بە بابەتێكی دیاریكراو، لە چۆنیەتی زانیاری كۆكردنەوەدا یارمەتی هەواڵگران دەدا"[٢٢].

لەم دیدەوە، پێویستە كارمەندانی هەواڵگریی ڕۆشنبیری زانیارییەكی سیاسی باشیان هەبێت، چونكە وەك گیتز ئەڵێ "كارمەندانی هەواڵگریی ڕۆشنبیری ئاسایی نین"[٢٣]. هەمان بۆچون كارمەندانی سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە و ئەویش بە ئاگابونی دانەران و كارمەندانی سیاسەتی دەرەوە لە ورد و درشتی هەڵوێست و مەرام و تواناكانی بابەتی مامەڵەكراو.

(٢٢) روبرت م. كاتس، منبع پيشين، ص٣٢١.

(٢٣) كی جی هالستی، مبانی تحليل سياسات بين الملل، ترجمه: بهرام مستقيمی و مسعود طارم سری، مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران ١٣٧٦ (١٩٩٧).

## تەوەری دووەم: ئەرکەکانی هەواڵگری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا:

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ ئەرکی سەرەکی هەواڵگری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا دەستنیشان بکەین.

١- کۆکردنەوە و دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ دانەرانی سیاسەتی دەرەوە.

٢- ئامادەکردنی ڕاپۆرت و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلە دەرەکیانەی کە بۆ ئەمنی قەومی دەوڵەت گرنگن.

٣- ئەنجامدانی کاری سیاسی – عەسکەری نهێنی بەمەبەستی خزمەتکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین یەك بە یەك باسی ئەم تەوەرانە بکەین.

١- کۆکردنەوە و دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ دانەرانی سیاسەتی دەرەوە.

لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو ولیەم ج دۆناڤان سەرۆکی نوسینگەی خزمەتە ستراتیجیەکان لە کتێبێکدا بەناوی (Key to defense intelligence) بنەمایەکی گرنگی کاری کاری هەواڵگری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا باسکردووە و دەڵێت "هیچ سیاسەتێکی دەرەوە لەو زانیاریانە پتەوتر نییە کە لە سەری دارێژراوە"[٢٤]. ئەم وتەیەی دۆناڤان گرنگی زانیاری لە بواری سیاسەتی دەرەوە دا و ڕۆڵی لە دارشتنی ئەو سیاسەتەدا چڕ دەکاتەوە.

ئاشکرایە کە دەوڵەتان و ناوەندی بڕیاری سیاسی بۆ ئەوەی بڕیارێك یان بەرنامەیەکی سیاسی دارێژن، پێویستیان بە زانیاری وردو ڕاست هەیە تاوەکو بڕیار و بەرنامەکەیان هەمەلایەنە و سەرکەوتوبێ، چونکە پرۆسەی بڕیاری سیاسی بەبێ زانینی ڕاستی یە مەیدانییەکان لە کارێکی فکری رووت (مجرد) یان بۆچونێکی تایبەت بەولاوە هیچی تر نیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سیاسەتەکان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبات ئویش دورکەوتنەوەیە لە واقیع[٢٥].

دانەران و ناوەندەکانی سیاسەتی دەرەوە پێویستیان بە گشت زانیارییەکی بەسود هەیە کە زۆرجار بە ئاسانی دەست ناکەوێت. یەکێك لە تایبەتمەندییکانی هەواڵگری ئەوەیە کە سەرەڕای زانیارییە ئاشکراکان زانیاری نهێنیشی دەست دەکەوێ کە زۆر جار گرنگییەکی تایبەتیان بۆ دانانی سیاسەتی دەرەوە هەیە.

دەزگا هەواڵگرییەکان تۆڕێکی فراوانی کۆکردنەوەی زانیاریان لەبەردەستدایە کە لە مانگە دەسکردە ئاسمانییەکانەوە دەستپێدەکات و هەواڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و قسەی خەڵکیش دەگرێتەوە تا دەگاتە ئەو هەواڵە نهێنیانەی کە کارمەندە نهێنییەکان (هەواڵدزەکان)، بەجۆرێك لە جۆرەکان، کۆی دەکەنەوە، لە ڕاستیدا روبەرو مەودای زانیاریەکان ئەوەندە فراوانە کە هیچ ناوەندێکی بڕیاردەری سیاسی ناتوانێ بە ئاسانی پشتگوێی بخات.

بواری کۆکردنەوەی زانیاری، بەپێی پەیوەندیان بەکاتەوە، بۆ دووجۆر پۆلێن دەکرێت.

---

(٢٤) اسماعيل صبرى مقلد، مصدر سبق ذكره، ص١٥٥.

(٢٥) د. محمود سيد رصاص، الاستخبارات المركزية الامريكية (غول وعنقاء وخل)، دار المعرفة، دمشق، ١٩٨٨، ص، ٢٥٦.

١- زانیاری ڕۆژانە کە بە زانیارییەکی تەکتیکی ناو دەبرێت. ئەم جۆرە زانیاریانە دەبێ بەپەلەو بۆ پێداویستیە هەنوکەییەکانی کارمەندانی سیاسەت دابین بکرێن، وەك گواستنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازی دەوڵەتێکی دراوسێ بۆ سەرسنوری وڵات یان گۆڕانی هەڵوێستی دەوڵەتێك لە بابەتێکی دیاریکراودا.

٢- زانیارییە ستراتیجیەکان، ئەو زانیاریانەن کە ناوەندەکانی بڕیار بۆ مەسەلە درێژخایەنەکان کەڵکیان لێوەردەگرن، وەك زانینی سیستەمی بەرگری وڵاتێك یان بارە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی. ئەم زانیاریانە یارمەتی دانەرانی سیاسەتی دەرەوە دەدەن تا دەرك بە هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتە بەرن و لەوە تێبگەن کە فلان دەوڵەت تا چ رادەیەك دەتوانێ فلان کار یان فیسار شت بکات یان نەکات.

لە مێژووی پەیوەندی و ململانێ سیاسیە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر نمونەی بەرچاو هەن کە کاریگەری ڕۆڵی زانیاریەکان دەردەخەن. بۆ نمونە ساڵی ١٩٤٩ کاتێك ئەمریکیەکان دژە هێرشێك بوون بۆ سەر هێزەکانی کۆریای باکور، دوودڵییەکی بەرچاویان پێوە دیار بوو چونکە نەیان دەتوانی پێشبینی کاردانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بکەن و مەترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو نەبا یەکێتی سۆڤیەت کارێکی سەربازی بکات لە بەلکان ئەنجام بدات. لەو کاتەدا و لەگەرمەی ئەو دڵەڕاوکێیەی توشی دانەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتبوو، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA) لە ڕێی گوێگرتن (التنصت) لە گفتوگۆیە بێسیمە ڕوسەکان بۆیان دەرکەوت یەکێتی سۆڤیەت نیازی ئەنجامدانی هیچ کارێکی سەربازیان لە بەلکان دا نییە، ئەمەش وای لە دانەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد دەست کراوانەتر کارە سەربازییەکانیان لە دژی کۆریای باکور بە ئەنجام بگەیەنن[٢٦]. نمونەیەکی تری گرنگی ڕۆڵی زانیاری لە داڕشتنەوە و تەنانەت گۆڕانی هەڵوێستی سیاسی دەوڵەتێك، ئەو زانیاریانەبوو کە دەزگای هەواڵگری ناوخۆی بەریتانیا M15 لە باڵیۆزخانەی میسر لە لەندەن چنگی کەوت.

ساڵی ١٩٥٥ کاتێك بەریتانیەکان هەستیان بەوە کرد کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میسری جەمال عبدالناصر دا روو لە گرژییە، فەرمانیان بە دەزگای M15 دا کە زانیاری زیاتر لەسەر میسر بەدەست بێنێ. دوابەدوای ئەم فەرمانە، دەزگای M15 توانی گشت پەیوەندییە تەلەفۆنی و بێتەکانی نێوان باڵیۆزخانەی میسر لە لەندەن و قاهیرە کۆنترۆڵ بکات.

ئەو زانیاریانەی کە بەریتانییەکان لەم ڕێگەیەوە دەستیان کەوت، ڕۆڵێکی سەرەکی یان بینی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە قەیرانی کەناڵی سوێس لە ساڵآی ١٩٥٦دا، بەتایبەتی پاش ئەوەی بەریتایەکان بۆیان دەرکەوت کە روسەکان، بەپێی ئەو پەیوەندییە بێتە لانەی کە لەگەڵ میسریەکاندا بەستبویان و بریتانیەکان دەستیان کەوتبوو، زۆر جددی بون لە هەڕەشەیان دەربارەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەدژی بەریتانیا و فەرەنسا، ئەم زانیاریە گرنگانە یەکێك بوون لەو هۆکارانەی پاڵی بە بریتانیایان نا لە کەناڵی سوێس بکشێتەوەی[٢٧].

لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرانی زانیاری (منتجی المعلومات) وبەکاربەرانی زانیاری

---

(٢٦) پیتر رایت، مصدر سبق ذکره، ص ١٠٢.

(٢٧) رونالد کیسلر، داخل السي اي اي، ت: مالك فاضل البديرى، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨. ص٥٥.

(مستهلكى المعلومات) دا مەسەلەیەكى گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە كە ئایا تا چ ڕادەیەك بەكاربەرانى زانیارى باوەڕیان بە ڕاستى ئەو زانیاریانە هەیە؟ئایا ناكرێ بەرهەمهێنەرانى زانیارى بۆ مەبەستى تایبەتى خۆیان زانیارییەكان ئاوەژوو بكەنەوە و بیانشێوێنن یاخود هەر هیچ نەبێ تاكرەوى بكەن لە كۆكردنەوەى زانیارى بەجۆرێك بایەخ بە لایەنێكى دیاریكراو بدەن و لایەنەكانى ترى پشتگوێ بخەن؟ كێ بەرپرسیارە لە ئاراستەكردنى پرۆسەى كۆكردنەوەى زانیارى. سەرچاوەكان یان دانەرانى سیاسەت؟ بو واتایەكى تر ئایا بەرهەمهێنەرانى زانیارى بەتەواوى ئەوە دەزانن كە چ زانیارییەك بە كەڵكى ئامانجە گشتییەكانى سیاسەتى دەرەوە دێ؟ ئایا ئەگەرى ئەوە نییە كە هەندێ لە دانەرانى سیاسەت بە شێوەیەكى هەڕەمەكى كەڵك لە زانیارییەكان وەربگرن؟ ئەم پرسیارانە وچەند پرسیارێتر رووبەڕوومان دەبنەوە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەكى بابەتیانە بڕوانینە ڕۆڵى زانیارى لە دروستكردنى سیاسەتى دەرەوەدا. بەهەرحاڵ، وەك دەردەكەوێت، وەڵامى ئەم پرسیارانە ئەوەندەى بەندە بە چۆنیەتى ومیكانیزمى پەیوەندى بەرهەمهێنەران وبەكاربەرانى زانیارییەوە ئەوەندە پەیوەندى بە خودى زانیارییەكانەوە نییە. بۆیە دەكرێ لە بابەتێكى سەرخۆدا باسیان لێوە بكرێن.

٢-شیكردنەوەى زانیارى و نوسینى ڕاسپاردە وهەڵسەنگاندن بۆ دانەرانى سیاسەت.

ڕەنگە گرنگترین ڕۆڵى هەواڵگرى لە بوارى سیاسەتى دەرەوەدا فەراهەم كردنى ئەم بابەتانەى سەرەوە بێ بۆ دانەرانى سیاسەت.

ئەمڕۆ زۆربەى دەزگا هەواڵگرییەكانى دنیا كارمەندى پسپۆڕ و شارەزاى خۆیان هەیە كە بە شێوەیەكى زانستى و ئەكادیمیانە و بە كەڵك وەرگرتن لەو سەرچاوە زۆروو زەبەندانەى بەردەستیان دەكەوێ، بەردەوام لێكۆڵینەوە و شیكارى و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە مەسەلە گرنگەكانى دنیا بۆ دانەرانى سیاسەت (سەرۆك، وەزارەتى دەرەوە، وەزارەتى بەرگرى، ئەنجومەنى ئەمنى قەومى) ئامادە دەكەن. بەنوسینى ئەم لێكۆڵینەوە و ڕاپۆرتانە هەواڵگرى ڕاستەوخۆ دەتوانێت بەشدارى لە پرۆسەى دروست كردنى بڕیار لە سیاسەتى دەرەوەدا بكات.

ڕەنگە دیاریكردنى ڕۆڵى دەزگاى هەواڵگرى ناوەندى ئەمریكا (CIA) لە سیاسەتى دەرەوەدا یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنى وردەكارییەكانى بابەتەكە، ئەویش لەبەر ئەوەى.

یەكەم: تاڕادەیەك سەرچاوەى باش هەیە، بە بەراورد لەگەڵ دەزگاكانى ترى هەواڵگرى، باس لەم لایەنەى ڕۆڵى CIA دەكەن.

دووەم: لەبەرئەوەى CIA نمونەیەكى باشى دەزگا هواڵگرییەكانى وڵأتە دیموكراتەكانە و دور نییە لە چاودێرى دەسەڵأتە تەشریعییەكان.

بەیانیان كارى هەموو سەرۆكێكى ئەمریكى بەخوێندنەوەى ئەو ڕاپۆرتە دەست پێدەكات كە بەشى بەڕێوەبەرایەتى هەواڵگرى ((سیا -CIA)) شەوانە بۆ سەرۆكى ئەمریكاى ئامادە دەكات. ئەم ڕاپۆرتە بە The Presidents daily brief ناسراوە و لە بیست لاپەڕە پێكدێ[٢٨]، ناوەڕۆكى ڕاپۆرتەكە

(٢٨) د.محمود السيد رصاص، مصدر سبق ذكره، ص٣٤.

دەرەنجامی شیکردنەوەی دواترین زانیارییەکانە کە ((سیا)) ئەو شەوە دەستی کەوتووە. بابەتەکانی ڕاپۆرتەکە زۆر شت لە خۆ دەگرن وەك باس کردنی کەمی بەروبومی گەنم لە ڕوسیا یان بڵاوبونەوەی گەندەڵی لە ڕۆمانیا (٣٤/٨). گرنگی ئەم ڕاپۆرتە لەوەدایە کە هەموو کارمەندە باڵاکانی دەوڵەت دەبێت بیخوێننەوە، چونکە (بەپێی فەرمانی ساڵی ١٩٨١ ی ریگن لێپرساوی شیکردنەوەی زانیارییەکانی ((سیا)) لە واشنتن دەبێ هەموو سپێدەیەك کۆپییەکی پوختەی ڕاپۆرتەکەی سەرکۆمار بدات بە هەریەك لە یارمەتیدەرانی سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری، ڕاوێژکاری ئەمنی قەومی و سەرۆکی ستافی هاوبەش)[٢٩]. لە کاتی ڕودانی قەیرانیشدا ڕاپۆرتەکان هەرچەند سەعات جارێك ئامادە دەکرێن.

وەك ئاشکرایە ئەنجومەنی ئەمنی قەومی ئەمریکی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە نەخشەکێشان و ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەهەردوو بواری دەرەوە و بەرگری دا (١٩٧/١٠). شایەنی باسە هەموو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئەمنی قەومی کە سەرۆکی ئەمریکا سەرپەرشتیان دەکا بە پوختەی ئەو ڕاپۆرتە دەست پێدەکەن کە سەرۆکی ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری CIA، یان پسپۆڕێکی پلە خوارتر ئامادەی دەکات[٣٠].

خەسڵەتی سەرەکی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە بنیات نراوە کە CIA کۆیکردوونەتەوە، بۆیە تارادەیەکی زۆر لە واقیعەوە نزیکن. بەڵام هەندێ جار سەرۆکی ئاژانسەکە، یان کارمەندێکی پایە بەرز بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی بەسەر راستییە بابەتییەکاندا دەسەپێنێ ئەویش بۆ سیا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە زەرەرێکی زۆر دەگەڕێتەوە.

بۆ نمونە، ساڵی ١٩٦٠ کاتێك زۆربەی کارمەندانی بەشی شیکردنەوەی زانیاری لەو باوەڕەدا بوون کە کوبا هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئەمنی قەومی ئەمریکا نییە و ڕژێمەکەی کاسترۆ لەلایەن زۆربەی خەڵکی کوباوە پشتیوانی لێدەکرێن، سەرۆکی ئەو کاتی سیا دالاس هەموو ئەم ڕاپۆرتانەی پشتگوێ خست و نەیهێشت بگەنە دەست کەنەدی سەرۆکی تازە. دالاس بواری دا بۆچونە سیاسیە ئانتی کۆمۆنیستییەکانی خۆی بەسەریدا زاڵ بن، لە ئاکامدا ساڵی ١٩٦١ ئەمریکا و سیای توشی شکستە گەورەکەی کەنداوی بەرازەکان بوون[٣١].

لە بەر گرنگی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی سیا و لەترسی ئەوەی کاری ئەو شیکارانەدوور نەکەوێتەوە لە شیکردنەوەی بابەتیانەی زانیارییەکان، دەستەی ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتی بۆ مەسەلەکانی هەواڵگری دەرەوە دروست کرا. کاری سەرەکی ئەم دەستەیە لەوە بکۆڵنەوە کەتا چ ڕادەیەك شیکردنەوەی سیا بەشێوەیەکی بابەتیانە جێبەجێ کراون و پیاچونەوە بەشێوازی شیکردنەوەی سیا بۆ دڵنیا بوو نلەو زانیاریانەی کە پێشکەش بە سەرۆکی ئەمریکا دەکرێن.

ساڵی ١٩٦٣ کاتێك ئیدارەی کەنەدی بڕیاریدا ڕێکەوتننامەی تاقیکردنەوەی ناوەکی مۆر بکات و دواتریش کاتێك لە حەفتاکان دەست کرا بە گفتوگۆکانی SALT، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی

(٢٩) روبرت م. کاتس، منبع پیشین، ص ٣٠٨.

(٣٠) همان منبع، ص ٣١٨.

(٣١) د.محمود السید رصاص، مصدر سبق ذکره، ص ٤٨.

ئەوەندە زانیاری وردی سەبارەت بە جبەخانەی سۆڤیەتی هەبوو، توانی بە هۆیەوە وا لە سەرۆکی وڵات بکات نیگەران بێ لەپەرەسەندنی جبەخانەی سۆڤیەت و ڕێکەوتننامەکە مۆر بکا. بەڵام ئەوەی لەمە گرنگترە ئەوەیە کە ئەمریکییەکان سەرەڕای ڕازینەبوونی سۆڤیەت بە دانانی کۆمیتەیەکی پشکنین بۆ چاودێریکردنی پەیوەست بوونی لایەنەکان بەجێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە، ئەوەندە تواناى هەواڵگری بەهێز بوو دەیانتوانی لە ڕێگەی سەرچاوەی هەواڵی خۆیانەوە لە واشنتن بڕیار لەسەر سەرپێچی یان پەیوەستی سۆڤیەت بدەن[٣٢]. ئەم ڕۆڵە گرنگەی سیا نیشانی دا کە هەواڵگری دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی لە هێورکردنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتدا هەبێت.

هەندێ جار پشتگوێ خشتنی بیروڕاکانی سیا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دۆخی نێودەوڵەتی توشی قەیرانێکی مەزن کردووە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٦٢ جۆن فەك کۆنی سەرۆکی ئەو کاتی سیا بەکەنەدی ڕاگەیاند کە سۆڤیەتییەکان دەتوانن موشەك لە کوبا دابنێن[٣٣]، بەڵام بۆچونەکەی کۆنی بەهەند وەرنەگیراو سەرەنجام قەیرانی موشەکی ساڵی ١٩٦٣ خوڵقاو بەهۆیەوە جیهان لەشەڕێکی سەرتاسەری نزیك بۆوە. ئەگەر سەرانی ئیدارەی ئەمریکا ئاگادارییەکەی کۆنیان بەهەند وەربگرتایە، ڕەنگە جیهان توشی ئەو قەیرانە نەبوایە. پێویستە چەند مەسەلەیەکی گرنگی تریش لە ڕاپۆرتی هەواڵگری ڕەچاو بکرێن لەوانە. ئایا تا چ ڕادەیەك شیکارەکان لە شیکردنەوەکانی خۆیاندا سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە و نەیانهێشتووە بۆچونە شەخسی و سیاسیەکان بەسەریاندا زاڵ بن؟ ئایا ناکرێت یەك بابەتی هەواڵگری چەند بۆچون و ڕاڤەیەکی جیاواز هەڵگرێت کە هەریەکەیان بەقەد ئەوی تر ڕاست و مەنتیقی بێت؟ لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کارمەندانی هەواڵگری ڕووبەڕووی چەندین بابەتی بەپەلە و خێرا دەبنەوە ئەرکی سەرشانیانە ڕاڤەو شیکردنەوەی وا ئامادە بکەن کە بە کەڵکی دانەرانی سیاسەت بێ ئایا بوونی چەند بۆچون دەرەنجامێکی جیاواز وا لە دانەرانی سیاسەتی دەرەوە ناکا کە توشی سەرلێشێوان بن؟

لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی شیکاری سیاسەتی دەرەوە ڕووبەڕووی چەند بابەت و ڕوداوێك دەبێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕان و جوڵدایە و لەو سۆنگەیەوە هەموو کات زانیارییەکان ئاماژە بۆ یەك دەرەنجام ناکەن، چونکە کاری شیکاری هەواڵگری هەر وەك دینی دەڵێ یەکێکە لە کارە هەرە قورسەکان، دەبێ شیکاری هەواڵگری بۆ پڕکردنەوەی ئەم دەلاقەیە پشت بە لێکدانەوەی زانستی و عەقڵییەکانی خۆی ببەستێ، ئەمەش وای کردووە شیکردنەوەی سیاسەت چێژێکی تایبەتی بۆ مرۆڤە زیرەکەکان هەبێت[٣٤].

بەهەرحاڵ بۆ دەربازبوون لەو کێشەیەی پێشتر باسمان کرد، ئێستا زۆر لە شیکارەکان کەڵك لە شێوازی ((سیناریۆکان)) وەردەگرن کە تیایدا شیکار لە هەموو ئەگەرەکان دەکۆڵێتەوەو دەرەنجامەکانی دەستنیشان دەکات، ئەم شێوازە لەسەرەتای هەشتاکانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە

(٣٢) بروستر ك. دینی، نظرة شاملة على السياسة الخارجية الامريكية، ت: د. ودودة عبدالرحمن بدران، مراجعة شويكار محمد زكي، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩١. ص١٤٤.

(٣٣) روبرت م. كاتس، منبع پیشین، ص ٣٢٠.

(٣٤) بروستر ك. دینی، مصدر سبق ذكره، ص ١٣١.

ڕاپۆرتە هەواڵگری و سیاسیەکانیڕۆژئاوادا بەدی دەکرێت.
ڕەنگە ئەم شێوازە پڕ بە پێستی شیکاری هەواڵگری بێت، چونکە هیچ زانیارییەك پشتگوێ ناخات و لە هەمویان دەکۆڵێتەوە و زۆرجار زیاتر لە ئایندەیەك بۆ دانەرانی سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان دەکا، ئەمە جگە لەوەی کە کاری هەواڵگری بەشێوەیەك نیشان دەدا کە لایەنگری هیچ تێزێکی دیاریکراوی نییە بەڵکو ئەو بەپێی ڕاستییەکان دەجولێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە بۆ شیکار بەسود بێت، ئەوا بۆ دانەرانی سیاسەت جێی دەردەسەرییە، چونکە ئەوان پێویستیان بە ڕێگە چارەیەك هەیە کە ڕوون و ئاشکرا بێت تاکو لە کاروباری سیاسی خۆیاندا بیخەنە گەڕ. زۆر جاریش بۆ دەرچوون لەم تەنگەژەیە، داوا لە شیکار دەکرێ ((باشترین دەلیل)) دەستنیشان بکات.
لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە کاری سەرەکی هەواڵگری لەم بوارەدا، ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانە بەپێی تێگەیشتنی دەزگاکە، ئەم کارەش وەك هەر کارێکی فکری تر دووچاری شکست یان سەرکەوتن دەبێتەوە. ئەم هەڵسەنگاندن و شیکارییەی هەواڵگری تەنها ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ شیکردنەوەی پراکتیکیانەی مەسەلەکان و پێشبینی کردنی گۆڕانکاری ئایندە، چونکە لە کۆتاییدا ئەوە دانەرانی سیاسەتن کە دوا بڕیار، بە ڕەچاو گرتن و یان ڕەخنە گرتنی بۆچونەکانی هەواڵگری، لەسەر مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان دەدەن.

٣- کاری نهێنی سیاسی - سەربازی

سەرجەم ئەو کار و چالاکیانە دەگرێتەوە کە بەشێك لە دەزگای هەواڵگری دژ بە دەوڵەتانی تر ئەنجام دەدەن بۆ گۆڕینی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو کە زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەت دەدا یان هاندانیان بۆ کردنی یان ڕێگرتن لە ئەنجامدانی کارێك یان وەرگرتنی هەڵوێستێك لە لایەن دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە. بە واتایەکی تر ((ئەو چالاکیانەیە کە هواڵگری جێبەجێیان دەکات بۆ کارتێکردن لە هەڵوێستی دەوڵەتان یان گۆڕینیان بە شێوەیەکی نهێنی، بەبێ ئەوەی ئەم ڕۆڵەی خۆی ئاشکرا بکات))[٣٥].
بەهۆی لەمپەرە یاسایی و سیاسیەکانی نێودەوڵەتی چونکە یاسای نێودەوڵەتی و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزگاری لە سەروەری خاك و سەربەخۆیی دەوڵەتان دەکەن، دانەرانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان ناچارن بە پێی ئەو ڕێسا گشتیانە بجولێنەوە کە زۆربەی جار بواری مانۆڕی سیاسی یان بەرتەنگ دەکەن و نایەڵن ئازادانە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هەندێ جار وا ڕێك دەکەوێت کە هەڵوێستی وڵاتێك کاریگەری سیاسی هەبێت لەسەر بەرژەوەندی وڵاتێکی تر، کە ڕەنگە هەندێك جار بگاتە ئاستێکی مەترسیدار. بۆ ڕێگە گرتن لەو هەڵوێستە سلبیانە و بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانەی لە ئەنجامی بوونی، یاخود هەندێ جار نەبوونی، هەڵوێست دروست دەبن، زۆر جار دەوڵەتان بەپێی دۆخی نێودەوڵەتی و ئاستی هەڕەشەکە کاری نهێنی سیاسی - سەربازی ئەنجام دەدەن.
بە پێچەوانەی ئەوەی لە ناو خەڵکدا باوە، کاری نهێنی سیایی - سەربازی بەشێکی کەمی کاری

(٣٥) المصدر نفسه، ص ١٢٨.

هەواڵگرییە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، بۆ نمونە ئەم کارانە تەنها ٣% ی سەرجەم چالاکییەکانی سیا پێك دێنن[٣٦]، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە دەزگاکانی هەواڵگریدا جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی کەمی ئەم بوارەیە.

جۆر و شێوازی کارە نهێنییەکان بە پێی ئامانجەکانیان دەگۆڕێ، بۆیە ئەم کارە نهێنیانە لە چەندین جۆر پێك دێن وەك پشتگیریکردنی حزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی لە وڵاتێکی بیانی بۆ برەودان بە ڕەوتێکی تایبەتی سیاسی یان ڕێگرتن لە سیاسەتێکی ئەو دەوڵەتە، هەندێ جاریش ئەم کارە نهێنیانە روخسارێکی توندو تیژیان دەبێت وەك ڕێکخستنی شەڕێکی درێژخایەن دژی ئەو وڵاتە یان تەقاندنەوەی چەند دامەزراوەیەکی گرنگ یان تیرۆر کردنی هەندێ کەسایەتی ناسراو و کاریگەر کە بە لای لایەنی تیرۆرەکەوە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیان بۆ سەر بەرژەوەندی هەیە. بێگومان مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پڕە لەو کارە نهێنیانەی کە بۆ خزمەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان ئەنجام دراون. بۆ نمونە لە سەرەتای دەشتپێکردنی شەڕی دووەمی جیهاندا بریتانییەکان، بەمەبەستی سەرکەوتن لەو شەڕە، پێویستیان بە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئەمریکا هەبوو، بۆیە دەزگای هەواڵگری دەرەوەی بەریتانیا M16 هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکەوە چەند نوسینگەیەکی هەواڵگری بەهێزی لە ئەمریکا دروست کرد و کە لە لایەن کابرایەك بە ناوی سیر ولیەم ستیڤنسون بەڕێوە دەبران. کاری سەرەکی ئەم نوسینگە هەواڵگرییانە ئەوە بوو وا لە ئەمریکا بکات لە شەڕی دژ بە ئەڵمانیا بێتە پاڵ بریتانیا یان هەر هیچ نەبێ ئەمریکا بێ لایەن بوەستێ و بۆ ئەم مەبەستە چەندین کاری سیاسی و ئیعلامی و ڕۆشنبیری ئەنجام درا[٣٧].

دەتوانین دەستێوەردانی فراوانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIA لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٧ ئیتاڵیا بەنمونەیەکی سەرکەوتوی تێکهەڵکێش کردنی کاری نهێنی و ئامانج و کارە سیاسیە دەرەکی یەکان دەستنیشان بکەین.

ئاشکرایە کە پاش برانەوەی شەڕی دووەمی جیهان دۆخێکی سیاسی – سەربازیی وا لە ئەورووپا دروست بوو کە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەم کیشوەرە کەوتنە دەست سۆڤێتەوە. ئەم بارە تایبەتە و سەرهەڵدانی شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، وای لە ئەورووپا کرد ببێتە مەیدانی سەرەکی ئەم کێشمە کێشمە نێودەوڵتیەوە.

دەوڵەتانی باشوری ئەورووپا کە دەیانڕوانیە سەر دەریای ناوەڕاست (یۆنان، تورکیا، ئیتاڵیا) بەلای ڕۆژئاواو وڵاتە یەکگرتوەکانەوە گرنگیەکی تایبەتیان پەیدا کرد، چونکە ئەوان یەکەمین سەنگەری پارێزگاری کردن بوون لە بلۆکی ڕۆژئاوا، بۆیە ڕوخانی ڕژێمی سیاییی ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی زۆر باسکی ڕۆژهەڵاتی ئەستور دەکرد وئەمریکاشی توشی تەنگەژەیەکی ستراتیجی جیهانیی گەورە دەکرد.

بۆ ڕێگرتن لە هەر گۆڕانکاریەکی دوور لە حەزی ڕۆژئاوا، ئەمریکیەکان چەندین چالاکی سیاسی – سەربازیان نواند کە هەندێکیان ئاشکرابوو، وەك دانی کۆمەك و باربوو بۆ تورکیا و یۆنان و

(٣٦) روبرت م. كاتس، منبع پيشين، ص ٣٠٨.

(٣٧) جينو ابيتيا وكلود مونيكية، مصدر سبق ذكره، ص ١٣٨.

هەندێکی تریش نهێنی بوو (وەك لە نمونەی ئیتاڵیا).

ساڵی ١٩٤٧ سەرانی ئەمریکا زۆر نیگەران بوون لەو هەواڵانەی کە باسیان لە ئەگەری سەرکەوتنی حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا دەکرد و لەم بارەیەوە جۆرج کینان سەرۆکی نوسینگەی پروپاگەندەی سیاسی سەر بە CIA نوسی ((ئیتاڵیا خاڵی وەرچەرخانی ڕەوتی کۆمۆنیستی یە لە ئەوروپادا، ئەگەر بێت و کۆمۆنیستەکان لەوێ سەربکەون و هەڕەشە لە پێگەکانمان لە دەریای ناوەڕاست و ئەوروپا بکەن، ئەوە لە هەموو شوێنێکی تر سەردەکەون))[٣٨].

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم دۆخە ناهەموارە، سەرۆکی ئەمریکا دەزگای CIA ڕاسپارد کاری نهێنی سیاسی ئەنجام بدا بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان. لەم چولرچێوەدا CIA تیمی (تەگبیری تایبەتی) پێك هێنا. ئەو کارانەی ئەم تیمە ئەنجامیان دەدا بریتی بوون لە چاپکردنی بڵاوکراوەی دژ بە کۆمۆنیزم، هەڵواسینی بەیاننامە بە دیوارەکانی ڕۆما و ئیتاڵیادا، نوسین و بڵاوکردنەوەی وتاری سیاسی لە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا، هەڵبەستنی هەواڵی درۆ دژ بە پارتی کۆمۆنیست لە ڕێی ساختەکردنی دۆکیومێنتەکانەوە، یارمەتیدانی حزب و کەسایەتییە بەر هەڵستکارەکانی پارتی کۆمۆنیست، تێکڕای ئەو پارانەی لەم کارانەدا خەرج کران بە ٧٥ ملیۆن دۆلار مەزەنە دەکرێ[٣٩]، کە زۆربەی لە دەوڵمەندەکانی ئەمریکا وەك یارمەتی، کۆکرابونەوە[٤٠].

پاش بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارانە و بە هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا کە بە ڕاشکاوی لەسەر زاری سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا هاری ترومان ڕایانگەیاند کە ئەمریکا لە حاڵەتی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان یارمەتییەکانی خۆی لە ئیتاڵیا ئەبڕێ[٤١]، پارتی کۆمۆنیستی شکستی هێنا. شکستی کۆمۆنیستەکان و ئەو کارە نهێنیانەی CIA بە ئەنجامی گەیاندبوون بە ڕادەیەك لەلای سەرۆکی ئەمریکا دڵخۆشکەر بوون کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئەمنی قەومیی ڕۆژی ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دا بڕیاری دروستکردنی دەستەیەکی هەمیشەیی بۆ کارە نهێنیەکان دا بەناوی ((نوسینگەی هەماهەنگی سیاسی)). ئەگەر بە وردی سەیری دیباجەکەی بکەین ئەوا بە ڕوونی هەموو ئەرك و ئامانجەکانی ئەم جۆرە چالاکیانەمان بۆ دەردەکەوێت. دیباجەکە دەڵێت.

((دەبێت کارە نهێنیەمان بە شێوەیەکی وا ورد و لێزانانە جێبەجێ بکرێن کە بەهۆیەوە ئیدارەی ئەمریکا بتوانێ حکومەت لەو کەسانە جیا بکاتەوە کە بە شێوەیەکی ڕەسمی جێبەجێکردنی کارەکەیان پێ نەسپێدراوە... دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە حاڵەتی ئاشکرابوونی ئەم چالاکیانەدا دەبێ ئیدارەی ئەمریکا خۆی لێ بێئاگا بکات))[٤٢].

(٣٨) بليدو فسكاو بلوخ، الجاسوسية والجاسوسية المضادة، منشورات البحر المتوسط ومنشورات عويدات الدولية، ط٢، بيروت – باريس، ١٩٩٢، ص ١٥.
(٣٩) المصدر نفسه، ص١٦.
(٤٠) ديفيد وايز و توماس روس، الحكومة الخفية، ت: جورج عزيز، دار المعارف، مصر، التاريخ بلا، ط٢، ص١٢٣.
(٤١) بليدو فسكاو بلوخ، مصدر سبق ذكره، ص١٧.
(٤٢) روبرت م. كاتس، منبع پيشين، ص ١٦.

## تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی نێوان دەزگاکانی هەواڵگری ودانەرانی سیایەتی دەرەوە

ڕەنگە مەسەلەی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی هەواڵگری و دانەرانی سیاسەتی دەرەوە یەکێك بێت لە گرنگترین تەوەرەکانی تایبەت بە پەیوەندی هەواڵگری و سیاسەتی دەرەوە، چونکە بە پێچوانەی ئەوەی کە باوە ئەم پەیوەندیە بە ئاسانی درووست نابێت[٤٣] و هەر لایەنێکی ئەم هاوکێشەیە (هەواڵگری – سیاسەتی دەرەوە) بە چاوی گومان و دوو دڵیەوە دەڕوانێتە ئەوی تر، لە ئەنجامدا لێکدابڕانێکی تەواو لە نێوانیاندا دروست دەبێت کە بەشێوەیەکی خراپ بەسەر پرۆسەی سیاسەتی دەرەوەدا دەشکێتەوە.

ئەم کێشەیە چەند لای کارمەندانی هەواڵگری بایەخی هەیە، ئەوەندەش دانەران و ڕاپەڕێنەرانی سیاسەتی دەرەوە ڕوبەڕوی دەبنەوە. سەرەتای ئەم بابەتە بە پرسیارێکی گرنگ دەست پێ دەکات ئەویش ئەوەیە. ئایا هەواڵگران تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوون لە کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا؟ لێرە وشەی سەرکەوتن ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان چیان کردووە بەڵکو ئەوە دەگرێتەوە کە ڕێوشوێنی ئەو کۆکردنەوەیە چۆنە و ئایا بواری ئەوەی هەیە کە بیرو بۆچوونی سیاسی هەواڵگران ڕۆڵی سەرەکیی لە ئاراستەکردنی ئەم زانیاریانەدا هەبێت.

ئەم مەسەلەیە وەك د. سەبری اسماعیل مقەلەد دەڵێت لە زانستی سیاسەتدا بە کێشەی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی هەواڵگری و دانەرانی سیاسەتی دەرەوە ناسراوە و[٤٤]، تەنانەت یەکێکیشە لەو بابەتانەی تا ئێستا گفتوگۆیەکی زۆری لە سەرە.

سیاسەتمەدارانی بواری سیاسەتی دەرەوە باوەڕی ئەوتۆیان بە بۆچوون و زانیاریەکانی هەواڵگری نیە و سیەسەتمەداران بەردەوام گلەیی و گازندەی ئەوە دەکەن کە هەواڵگری ئەرکی سەرەکی خۆیان پشت گوێ دەخەن، کە کۆکردنەوەی زانیاریە و خۆیان لە مەسەلە سیاسەکان دەقورتێنن کە ئەرکی لاوەکی ئەوانە. لەم ڕووەوە جێی خۆیەتی قسەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆرج مارشاڵ خستیە بەرچاو کە لەکاتی باسکردنی سیاسەتدا وتی((من گاڵتەم بەم کارانەی CIA دێت، ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە ئەگەر هاتو سۆڤیەتیەکان هێرشیان کردە سەرمان کاری CIA ئەوە دەبێت کە پێش وەخت ئاگادارمان بکاتەوە))[٤٥].

زۆرجار کارمەندانی سیاسەتی دەرەوە پێیان قورسە گوێ لە ڕاسپاردە و ئامۆژگاریەکانی هەواڵگران بگرن و واهەست دەکەن ئەمە لە بەهای بیر و بۆچونەکانیان کەم دەکاتەوە[٤٦].

بێجگە لەوە سیاسەتمەداران ئەوە ناشارنەوە کە ڕەنگە خەڵکانێك لە پشت بۆچونەکانی هەواڵگریەوەبن کە نیازی تێکدان و ئابرو بردنی بۆچونە سیاسیەکانی ئەوانیان هەیە. بۆیە لە مەیدانی فراوانی سیاسەتدا کە پێشبڕکێ و کێشمەکێشمی توند لە نێوان سیاسەتمەداراندا هەیە،

---

(٤٣) دیفید وایز و توماس روس، مصدر سبق ذكره، ص ١٧.

(٤٤) روبرت م. كاتس، منبع پيشين، ص ٣١٨.

(٤٥) د. اسماعيل صبري مقلد، مصدر سبق ذكره، ص١٥٥.

(٤٦) د. محمود السيد رصاص، مصدر سبق ذكره، ٢٦٩.

ئەستەمە کارمەندانی سیاسەت گومان لەو بۆچونەی هەواڵگری نەکەن کە پشتگیری لە سیاسەتەکانیان ناکات، یان بە پێچەوانەوەیەتی.

گلەییەکی تری دانەران و کارمەندانی تری سیاسەتی دەرەوە لە دەزگاکانی هەواڵگری ئەوەیە کە زۆربەی جار ڕاپۆرت و شیکردنەوەکانی هەواڵگری بە شێوەیەکی ڕەشبینانە وێنای بارودۆخی سیاسەتی دەرەوە دکەن، بۆیە زۆربەی جار ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە دەزگاکانی هەواڵگری پەیامی ڕەشبینی بەرامبەر بە ئایندە بڵاودەکەنەوە[٤٧] و ڕێگەچارەیەکی ڕونیش دەستنیشان ناکات.

ئەگەر بێت و کێشەکە لە ڕوانگەی هەواڵگرانەوە سەیری بکەین ئەوا مەسەلەکە بە تەواوەتی جیاوازە. مەسەلەی گرنگ لە لای هەواڵگران ئەوەیە کە زۆرجار نازانن سیاسەتمەداران چی جۆرە زانیاریەکیان لێ داوادەکەن، یان چ زانیلریەك جۆ ئەوان بە سوودە.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ دێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە، ئایا هەواڵگران بە پێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت، زانیاری کۆ دەکەنەوە یان دانەرانی سیاسەت خۆیان هێڵێکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان دەکەن تا لەبەر ڕۆشنایی ئەو هێڵەدا زانیاری کۆبکەنەوە[٤٨].

ئەم کێشەیە چەند بۆچونێکی جیاوازی لەخۆگرتووە. بەڕای هەندێ لە لێکۆڵیاران دانەرانی سیاسەت دەبێ ئاراستەی زانیاریەکان بکەن تاکو دەزگاکانی هەواڵگری خۆیان بە بابەتی لاوەکیەوە خەریك نەکەن، بەپێی ئەم بۆچونە دانەرانی سیاسەت و هەواڵگران کات و ئەرکێکی زۆریان بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرهەڵستکارانی ئەم بۆچونە ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەم جۆرە پەیوەندیە، زانیاریە هەواڵگریەکان لە ناو سیاسەتی دەوڵەتدا قەتیس دەکات و لە ئەنجامدا هیچ زانیاری و ڕاستیەکی وا کۆنابێتەوە کەجیابێ لە بۆچونەکانی دانەرانی سیاسەت، ئەمەش دانەرانی سیاسەت بەرەو هەڵدێرێ دورکەوتنەوە لە واقع دەبا [٤٩].

لە لایەکی ترەوە بۆچونێك هەیە پشتگیری لەوە دەکا کە هەواڵگران بەپێی تێگەیشتنی گشتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی میللی، سەرپشك بن لە کۆکردنەوەی زانیاری تاوەکو دەوڵەت زۆرترین زانیاری و بۆچونی سەبارەت بە بابەتێك هەبێت ئەمەش زیاتر بۆ بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە سودبەخش دەبێت[٥٠].

لێرە مەسەلەیەکی گرنگ هەیە کەزۆرجار پەیوەندی نێوان دانەرانی سیاسەتی دەرەوە و هەواڵگران گرژ دەکا، ئەویش گلەیی هەواڵگرانە لە فشاری دانەرانی سیاسەت بۆ گۆڕینی بیر و ڕاکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە گەڵ حەز و بۆچونی سیاسیەکانیدا گونجاو بێت.

ئەم جۆرە سیاسەتمەدارانە وای بۆ دەچن کە بوونی کە بونی پاڵپشتیەکی زانیاریانەی هەواڵگری دەسکەوتێکی مەعنەوی گەورەیە بۆ پرۆژەکانیان، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە لێکۆڵیاران و شیکارانی هەواڵگری زا تێدەگەن کە فشاری سیاسیەکان دەسکاریەکی مەترسیداری ڕاستیەکانە و داوا لە

(٤٧) روبرت م. کاتس ، منبع پیشین، ص ٣١٦.

(٤٨) المصدر نفسه، ص ٣٢٠.

(٤٩) د. اسماعیل صبري مقلد، مصدر سبق ذکره، ص١٥٦.

(٥٠) المصدر نفسه، ص ١٥٦.

بەرپرسانی دەزگاکانی هەواڵگری دەکەن خۆڕاگر و ئازا بن بەرامبەر بە هەر دەست تێوەردان و فشارێکی سیاسەتمەداران[٥١].

بەمبۆنەیەوە نووسەری ئەمریکی ڕۆبەرت کاتز ووتویەتی ((کاری ئێمە ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی زانیاریانە بە تایبەتی هەڵسەنگاندنی زانیاری ناوخۆیی بۆ سوودلێوەرگرتنی دانەرانی سیاسەت ئامادەبکەین. هەموو، یان بەشێك لەو زانیاریانە دەکرێت سوودبەخشبن. هەر بۆیە ئەم زانیاریانە دەتوانرێ فەرامۆشبرێ، ڕەتبکرێتەوە، دوور بهاوێژرێ، بەڵام ناتوانرێ بگۆڕدرێت[٥٢].

وەکو پێشتریش باسمانکرد، ئەم بابەتە چەندین ڕا و بۆچونی تر هەڵدەگرێت، بەڵام لەوانەیە باشترین ڕێگاچارە بۆ ئەم کێشەیە ئەوە بێ کە دانەرانی سیاسەت بە پێی پێداویستی سیاسی خۆیان چەندپرسیارێکی دیاریکراوی هەمە لایەنە ئاراستەی دەزگاکانی هەواڵگری بکەن و ئوانیش بە پێی ئەو پرسیارانە کاربکەن. بۆ نمونە، دانەرانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێك بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە فلان دەوڵەت چەن ڕاستگۆیە لەو هەنگاوانەی بۆ چاککردنەوەی پەیوەندیەکانیان، دەبێ چەند پرسیارێك دەربارەی ڕاستگۆیی و نا ڕاستگۆیی هەنگاوەکان بکەن و زانیاری کۆبکەنەوە، پاشان بڕیار لەسەر چی دەدا، ئەوە مەسەلەیەکی ترەو پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نیە کە باسی دەکەین.

لەم پەنجا ساڵەی دواییدا زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هەوڵێکی جددی یان داوە بۆ باشتر ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان دەزگاکانی هەواڵگری و دەزگاکانی بڕیاری سیاسی. پێك هێنانی (ئەنجومەنی ئەمنی قەومی) لە دەوڵەتان نمونەیەکی بەرچاوی ئەو هەماهەنگییەی نێوان هەواڵگری – ئاسایش – سیاسەتە. ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکانی ئەنجومەنی ئەمنی قەومی هەماهەنگ کردنی پەیوەندیەکانە لە نێوان دەزگاکانی دەوڵەت بە شێوەیەك کە هەر یەکەیان لە دژی بەرژەوەندی و بەبێ ئاگاداری ئەویتر نەجوڵێتەوە. ڕاوێژکاری سەرۆك بۆ مەسەلەکانی ئەمنی قەومی کە ئێستا لە زۆر دەوڵەتە پێشکەوتوەکاندا هەیە، لە پسپۆڕێکی ئەمنی – سیاسی پایە بەرز بەولاوە هیچیتر نیە.

---

(٥١) المصدر نفسه، ص ١٥٧.

(٥٢) روبرت م. كاتس، منبع پيشين، ص ٣٢٠.

## دەرەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەتوانین چەندین خاڵی گرنگ تایبەت بە بابەتەکە دەست نیشان بکەین و کۆبەندەیان لێ پێك بێنین.

١- لەبەر ئاڵۆزی کاروباری نێودەوڵەتی و زۆری ئەو هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر چالاکییەکانی دەوڵەت لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا، زۆر جار دانەرانی سیاسەتی دەرەوە ئەو دامەزراوە ڕەسمیانەی کە بەرپرسن لە نەخشە کێشان و ڕاپەڕاندنی، تێگەیشتنێکی ڕونیان سەبارەت بە سیاسەتێك یان ڕووداوێکی دەرەکی لا گەلاڵە نابێت. بۆیە دەزگاکانی هەواڵگری، لە ڕێی دابین کردنی زانیاری ورد سەبارەت بە دۆخەکە و مەرامی لایەنەکان، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لەیارمەتی دانی دانەرانی سیاسەتی دەرەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتری واقعی سیاسی نێودەوڵەتی ببینێت.

٢- سەرەڕای جیاوازی بواری کاری هەواڵگری و سیاسەتی دەرەوە و ئەو ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان پەیڕەوی دەکەن، ئەم دوو بوارە لەوە یەك دەگرنەوە کە هەردوکیان ئامانجی سەرەکیان دابین کردنی ئەمنی قەومی دەوڵەتە بەڵام بەڕێگای جیاواز. ئەم ڕاستیە وا دەکات زۆر جار کاری هەردوو بوارەکە تێکهەڵکێشی یەکتری بێ و خزمەتی یەکتری بکا.

٣- سەرەڕای گرنگی هەبوونی پەیوەندییەکی وردو چالاك لە نێوان بەکاربەرانی زانیاری و بەرهەمهێنەرانی زانیاری دا، ئەم پەیوەندیە زۆرجار بە ئاسانی دروست نابێ، گومان و بایەخ نەدان بە کار و ئامانجی یەکتر گەورەترین ئاستەنگی ڕێگای ئەم پەیوەندییەن. بۆ سەرخستنی کارەکان و گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی دەوڵەت، هەماهەنگی و هاوکاری نێوان ئەم دوو بوارە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی سیاسەتی باڵای دەوڵەتە.

٤- هەرچەندە پسپۆڕانی هەواڵگری لە ڕێی شیکردنەوە و توێژینەوەی تایبەت، بەشدارن لە دروست کردن و ئاراستە کردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان، بەڵام لە کۆتایدا دانەرانی سیاسەتی دەرەوە بڕیار لەسەر هەر سیاسەتێك یان هەڵوێستێکی دیاریکراو دەدەن. سەرەنجام، هەواڵگری ڕۆڵێکی ڕاوێژکارانە دەگێڕێ.

لە کۆتایی دا ئەگەر دانەرانی سیاسەتی دەرەوە بەو عەقڵە بچوێنرێت کە نەخشە بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵات دادەنێ، دەتوانین بڵێین هەواڵگری بۆ ئەو عەقڵە، وەك چاو و گوێ وایە کە لە ڕێی ئەوانەوە ڕاستیەکان بەو ئەقڵە دەگەن، بۆیە کەم بایەخدان بەو ڕاستیانەی کە هەواڵگری چنگی دەکەوێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە بەرەو هەڵدێری دوور کەوتنەوە لە واقع دەبات.

## ليستى سەرچاوەكان:

**- سەرچاوەی عەرەبی:**

١. د.اسماعيل صبرى مقلد، العلاقات السياسية الدولية، مطبعة جامعة الكويت، كويت، ط٣، ١٩٨٤.
٢. بروستر ك. دينى، نظرة شاملة على السياسة الخارجية الامريكية، ت: د. ودودة عبدالرحمن بدران، مراجعة شويكار محمد زكى، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩١.
٣. بليدو فسكاو بلوخ، الجاسوسية والجاسوسية المضادة، منشورات البحر المتوسط ومنشورات عويدات الدولية، ط٢، بيروت – باريس، ١٩٩٢.
٤. بيتر رايت، صائد الجواسيس، ت: هيثم على حجازى، مراجعة سمير عزت نصار، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٩.
٥. جلين بالمر و كليفتون مورجان، نظرية السياسة الخارجية، ت: د. عبدالسلام نويرى، جامعة ملك سعود، السعودية، ٢٠١٠.
٦. جينو ابيتيان وكلود مونيكية، تاريخ الجاسوسية العالمية، ت: مروان بطش، دار الفاضل للتأليف والترجمة والنشر، دمشق ١٩٩٨.
٧. ديفيد وايز و توماس روس، الحكومة الخفية، ت: جورج عزيز، دار المعارف، مصر، ط٢، ١٩٩٨.
٨. رونالد كيسلر، داخل السي اي اي، ت: مالك فاضل البديرى، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.
٩. د.مازن اسماعيل الرمضانى، السياسة الخارجية (دراسة نظرية)، مطبعة دار الحكمة، بغداد، ١٩٩٢.
١٠. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، دار النهضة العربية، القاهرة، ط٢، ١٩٩٨.
١١. د. محمد ياسر الأيوبى، النظرية العامة للأمن، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس ـ لبنان، ٢٠٠٨.
١٢. د. محمود سيد رصاص، الاستخبارات المركزية الامريكية (غول وعنقاء وخل)، دار المعرفة، دمشق، ١٩٨٨.
١٣. د. نظام بركات و د. عثمان رواق و د. محمد الحلوة، مبادئ علم السياسية، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٤.
١٤. د.نەبەز مجيد امين، الاستخبارات الايوبية فى عهد صلاح الدين، مطبعة قلا، السليمانية، ١٩٩٨.

**- سەرچاوەی فارسی:**

١٥. روبرت م. كاتس، سازمان سيا و سياستى خارجى امريكا، ترجمه: عبدالحسين شاهكار، مجله (سياست خارجى) شماره ٢، سال پنجم، چاپخانه دفتر مطالعات سياسى و بين المللى، تهران ١٣٧٠(١٩٩١).
١٦. كى جى هالستى، مبانى تحليل سياسات بين الملل، ترجمه: بهرام مستقيمى و مسعود طارم سرى، مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران ١٣٧٦ (١٩٩٧).

**- سەرچاوەی ئینگلیزی:**

17. Alan Braaeakspear, A New Definition of Intelligence and National Security, Vol.

28, No. 5, 2013, P.682.

18. James B. Steinberg, Mary Graham, and Andrew Eggers, Building Intelligence to Fight Terrorism, (September 21, 2003), brookings ,available at: https://www.brookings.edu/research/building-intelligence-to-fight-terrorism/